# فەتوادان و چەمکی ئازادی

فاتمە عومەر ڕێشاوی
Fatima1964_1@hotmail.com

سەرەتا ئەوەی کە پێویستە بیلێم ئەوەیە گرفتی ئێمە لەمەڕ چەمکی – ئازادی- لەوەدایە خواستەکانمان هەمیشە ( ماف )ە پێش ( ئەرک). لەم بۆچوونەدا ڕووم تەنها لە گرووپێکی تایبەتی نیە بەلکو کەلتورێکە و هەموو چین و توێژ و جێگایەکی ئەم کۆمەلگایەی گرتۆتەوە .

ئازادی کارێک یان پیشەیەکی تاکرەوی نیە بەلکو پیشەیەکی بەریەککەوتن و کارلەیەککردنە ( ئینتەرئاکسی) ە. بەو مانایە تا یەکێک ئەوەی پێی وایە نەیلێ, تۆش ناتوانی ڕاستی کەیتەوە. تاکەسێ سنوور نەبەزێنێ تۆ پێی نازانی تا دەستی بگری و بیگەڕێنیتەوە . هەتا ئەو ڕەخنە نەگرێ هەر -جۆرە ڕەخنەیە بێ – توانا و قابلیەتی تۆش بۆ قبولکردنی ڕەخنە دەرناکەوێ و خۆڕاستکردنەوە و ڕاستکردنەوەی ئەویدیش بە ئەنجام نایەت و ڕاستیەکان دەرناکەوون. کەواتە لە کەش و هەوایەکی ئازادا وەک مافەکانمان بە دەست دێنین ئەرکەکانیشمان قورس و گران تر دەبێ.

من خۆم بەش بە حالی خۆم کاتێ دەلێم هەموو کەس ئازادە چی دەلێ یان دەیکا مانای ئەوە نیە ئەو ووتەیە یان ئەو کارە لام پەسەند بێ یان ئازاری نەدابم. نەخێر, دەکرێ لام ناپەسەند بێ و ئازاریشی دابم بەلام ئەرک و بەرپرسیارێتی من لێرەدا دەبێ چی بێ ؟ ئەویدی دەبێ ئازاد بێ بۆ ئەوەی منیش ئازادم, هەروەک ئەو بۆی هەیە نارەزایی دەربڕێ و هەلوێست وەرگرێت, منیش بۆم هەیە نارەزایی خۆم دەربڕم و کاردانەوە و هەلوێستم هەبێ لە بەرامبەر هەر بابەتێک کە پێویستە هەقی خۆی بدرێتێ. بەلام ئەوەی لێرەدا دەبێتە کێشە و ڕەخنە ئەوەیە چۆن و و لەکوێدا هەلوێستم دەربڕم؟ میکانیزمی ئەو نارەزایی دەربڕینەم دەبێ چی و چۆن بێ؟ ئایا ئەو بابەتە ئەو تێچوونەی دەهێنێ کە من خەرجی دەکەم ؟ دەرئەنجامی دەربڕینی ئەو نارەزاییە چۆن دەبێ ؟ تا چەن خزمەت بە مەسەلەکە دەکات ؟

من کتێبی ((سێکس , شەرع و ژن لە ئیسلامدا))ی مەریوان هەلەبجەییم نەخوێندۆتەوە, تەنها کۆمەلێک تێکستی پەرش و بلاو نەبێ کە گوایە لەو کتێبەوە وەرگیراوون و خۆشم گوێبیستی ئەو لێدوانە بووم کە لە ڕادیوی هاوپشتی ئەنجامدرا, لەوێدا بەسەرهاتێکی گێڕایەوە کە لەگەل ئەو تێکستە پەرش و بلاوانەی کە خوێندمەوە, گونجاوون. بۆیە دەتوانم تا ڕادەیەک دلنیا بم کە ئەو تیکستانە لەو کتێبەوە وەرگیراون و دەتوانم شتێک لەسەری بلێم بەلام ناتوانم وەک ناوەڕۆک و بابەت بە تەواوی هەلیسەنگێنم. هەروەها شتێ تریش کە دەتوانم لێی بدوێم و بیخەمە ڕوو چەند تێبینی و سەرنجێکە سەبارەت بەو کەشە تەم و مژاویەیە کە ئەو کتێبە و هاوکات کاریکاتێرەکانی ڕۆژنامەیەکی دانیمارکی لەسەر موحەمەد( د.خ) خولقاندویەتی و چۆنیەتی کاردانەوەی دەزگا ئایینیەکان و کۆمەلگەی موسلمانان و ئیسلامیەکانە.

ئێمە هەمووممان دان بەوەدا دەنێین کە ئازادین, بەلام سنوری ئازادی تا کوێ یە؟, کێ ئەو سنورە دیاری ئەکا ؟ چۆن ئازاد دەبین ؟ چۆن ئازادی لە بەرژەوەندی هەمووماندا بەکاردێنین ؟. بەمانایەکی تر ئازادی چۆن بکەینە ئامرازێکی خۆشگوزەرانی لە کۆمەلگەدا ؟

هەمووومان لەوەلامدانەوەی ئەو پرسیارانەدا جیا دەبینەوە.هەروەک چۆن ئەگەر وانەیەک یان میتۆدەیەک بۆ پۆلێک قوتابی نوێ بخەیتە کارەوە ,بێگومان تا چەند تاقیکردنەوەیەکیش ڕێژەی دەرچوون لەو وانە نوێیەدا نزم دەبێ. چونکە جگە لە فاکتەری تری زۆر و زەبەندەی دەرەکی و مێژوویی و سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی, ئەو قوتابیانە بەو وانە نوێیە ڕانەهاتوون. ئێمە ئەمڕۆ کە لەسەرەتای ئەم وانەیەداین هەتا

ڕێگە بەیەکتر نەدەین و یەکتر قبول نەکەین, بەو وانەیە ڕانایەیین.  تا هەلە و سنوربەزاندنیش ڕوونەدات فێرنابین, کە فێریش نەبووین ئازادنین و ئازادیش نابین .
هەرگروپەو کەلتورو سنوری تایبەتی بەخۆی هەیە و سنوور بەزاندن لای هەریەکەیان جیاوازە.ئەو سنورەی کە گروپێک هەست بەسوکایتی پێکردن دەکات جیایە لە سنوری ئەویدی. دیارە سوکایەتی کردنیش لە کۆمەلگەیە بۆ کۆمەلگەیەکی تر جیاوازە بۆ نموونە لە کۆمەلگەی ئەوروپادا لەم سەردەمەدا کاریکاتێرلەسەر عیسا یان موسا یان هەر پەیامبەر و فەیلەسوف و پاشا و گەدایەک بە سوکایەتی دانانرێ. ئەگەر کەسانێکیش تورە بکات, ناگاتە ئەوەی داروبەرد بەسەر خۆیاندا بروخێنن و  مالی خۆیان وێران کەن.

تا ئێستە ڕووی قسەم لە هەمووان بوو, واتە بەشێوەیەکی گشتی دواوم . بەلام لەبەر ئەوەی هەردوو بابەتەکە کتێبەکەی مەریوان و کاریکاتێرەکەش پەیوەندی بە ئیسلامەوە هەبوو ڕووی قسەکانم دەکەمە دەزگا ئایینەیەکان و ئیسلامیەکان. چونکە ئەوان خۆیان بە سەرباز و پارێزگاری ئیسلام لەقەلەم دەدەن و چاکسازیشیان کردۆتە مەبەست و دروشم . پێیان دەلێم چاکسازی ئا لێرەدایە. ئا لێرەدا دەبوو بیسەلمێنن کە ئێوە چاکسازن _ کە پڕ بەدل حەزیش دەکەم وابێ _  چونکە تا چاکسازان زۆربن, بۆ هەموومان چاکترە. بۆیە ڕوویان تێدەکەم و دەلێم:

* بیرکردنەوەی مرۆڤ بێ سنوورە ئیتر چۆن تۆ یان من سنووری بۆ دانێیین. کەسێک  چی دەوێ! با بیلێ, چۆن لە لە بابەتەکان گەیشتوە و هەست بە چی دەکات! با دەربیبڕێ. لە کوێدا بە هەلەمان زانی با ڕاستی کەینەوە یان لە کاتێکدا هەولی سوکایەت کردنی هەر بابەت و کەسیەتیەک دا بە نوسین و بەلگە بەرەنگاری دەبینەوە .
* لێرەدا ئێوە -ئەرک- ێک لە پێشتانە نەک – ماف- ێک. بە مانایەکی تر لە بری دەرکردنی فەتوای تۆقێنەر و تاودانی سۆز و عاتیفەی هامۆشۆکەرانی مزگەوتەکان و ئەندام و لایەنگری ئیسلامیەکان, دەبوایە ئەرکی بە دواچوون و هەلسەنگاندنی ئەو کتێبە و وەلام دانەوە بە بەلگە و نوسین و مێزگرد  لەگەل نوسەراندا کاری ئێوە بوایە.

* ئێمەی موسلمان  نابێ ئەوەمان لە بیرچێ کە پەیامبەران هەمیشە ئازاردراوون . هەمیشەش بە شێوەیەکی ئاقلانە و شارستانیانە  هەلوێستیان نواندووە  وەک پزیشکێک  چۆن سەیری نەخۆش ئەکات ئاوا سەیری ئەو کەسانەیان کردوە کە ئازاریان داوون. بۆیە پەیامبەرن.!!
زەردەشت دەرکرا . موسا ڕاونرا  عیسی  وویستیان لە خاچی بدەن. ئەی  موحەمەد  ڕیخ و خۆل نەکرا بەسەریا بە شێت و ساحر لە قەلەم نەدرا. وەلامیان چی بوو؟ اللهم اغفر لهم فانهم لا یعرفون. ئەمە لە کوێ و ئەوەی  ئەمرۆ دەیبینم و دەیبیستم  لە کوێ ؟.
لەگەل ئەوەشدا توانیویانە  لەگەل ئەو هەموو هەلومەرجە لاوازانەی کە لە بەردەستیاندا بووە پەیامی خۆیان بگەیەنن. بەلێ ڕاستە بۆ گەیاندنی پەیامەکانیشیان شەڕیان کردوە بەلام شەڕ  بارودۆخ و یاسای تایبەتی خۆی هەیە. بەلێ  موحەمەد شەڕی کردوە بەلام لە کاتێکیشدا شاعیرێک  هەجووی کردبێ,  فەتوای بۆ دەرنەکردوە بەلکو (حەسانی کوڕی سابتی ) ناردوە ئەویش بە شعر وەلامی بداتەوە .  هەرچەن زۆر جاریش -وەلام نەدانەوە- لە وانەیە زیاتر خزمەتی مەسەلەیەک بکات لە -وەلام دانەوە-.

* ئەمرۆ کە هەموو هەلومەرجێک لە ئارادایە بۆ گەیاندن و پێگەیاندنی ئەوەی خۆت کە بەڕاستی دەزانی لە برەودایە. لە هۆکاری فەرهەنگی و زانستی و زۆری سەرچاوە مەعریفی و ئەکادیمیەکان تا دەگاتە  هۆکاری

پەیوەندی کردن و بەرەپێشچوونی ئەقل و بیر مرۆڤایەتی, بۆ دەبێ کاریکاتێری ڕۆژنامەیەک یان نوسینی کتێبێک بتوانن سوکایەتی بە پەیامبەرێک بکەن. ئەوە ئێمە خۆمانین لەبەر حالی جیهانی ئیسلامی خۆمان هەست بە سوکایەتی و بێ کەرامەتی دەکەین و بەناوی موحەممەدەوە دەریدەبڕین .

* موحەممەدلە کات و سەردەمی خۆیدا هەموو لە نزیکەوە ئەیانناسی وناویان نابووالامین الیادق هەر دوو ووشەی لە پەیامەکەی درکاند ئەو هەموو ناو و ناتۆرەیان لێنا ...... کەچی ئێمە ئەمانەوێ لەم مێژوە درێژەدا دوای ئەو هەموو قەیران و کێشانەی ئەو مێژووە بە خۆیەوە دیویەتی و ئەو هەموو فەرموودە و چیرۆکانەی کە زۆربەیان زادەی ئەقلیەت و کەلتورێکی تێکشکا و نەخۆش لە گەلیدا تێکەل بوون. دوای ئەو هەموو ستەمانەی کە لە ئافرەت دەکرێ و بەشێکی زۆری بە ناوی ئیسلامەوەیە. دوای ئەوەی هەزاران ستەم و زولم بە ناوی قورئان کرا (( هیچیان ڕاست نەبێ خۆ ئەنفال و کیمیا باران ڕاستن.....)). دوای خومەینی و تالیبان و سەددام و بن لادن و زەرقاوی ناشیرین کردنی ووشەی جیهاد و ئەنفال و نەریتی ناشرینی خۆتەقانەوە, دەمانەوێ کەس لە گولێ کال تر بە موقەدەساتمان نەلێ. خۆ خەلک هەمووی نابێتە فەیلەسوف و زانا و ئاقل . ئەوەتا ئێمەش خۆمان بە کاریکاتێرێک و کتێبێک خەریکە ئەقل لە دەست دەدەین. باشتر وایە تۆزێ بە خۆماندا بچینەوە. ئەوانیش وا لێبکەین کە بە خۆیاندا بچنەوە . ئەگەر ئەمە ناتوانین بکەین, هیچێکیش لە تۆقاندن و ڕێ لێگرتن سوودی نابێ.

* من زۆر دلنیام ئەگەر موحەممەد (د.خ) ئێستە زیندوو بێتەوە جیهانی ئیسلامی بەم حالەوە ببینێ کە لەسەر قسەکردنێک یان وێنەیەکی ئەو, جادە و کۆلان و بیناکانی شارەکان ئەسوتێن و وێران ئەکرێن خەتی ئاوو کارەبا ئەپچڕێنرێ . بۆری نەوت ئەسووتێنرێ و بیست وچوار سەعات دوکەل بە ئاسماندا هەلئەچێ و هەزاران ملیۆن دۆلار زیان بە ژێرخانی ئابووری وولاتی خۆمان دەگەیەنین. دلنیام زۆر تۆڕە و دلگران ئەبێ و بێ بەریمان ئەکا لە خۆی . پێمان ئەلێ ئێوە جارێ هۆشتان بە لای حالی خۆتانەوە بێ (ان الله لایغیر مابقوم حتی یغیر ما بانفسهم). ئەو کەسانە یان ئایدۆلۆژیا و کەلتوورەی کە پێی وایە ئەم جۆرە کاردانەوە و هەلوێست وەرگرتنە کارێکی سۆزداری و پەسەندە و ئاساییە و ئەوانەی کە پێی هەستاوون یان ئازا و بەغیرەت و ئیماندارن و موحەممەدیان خۆش دەوێ و شایانی ڕەخنە نین ئەوانیش کەمتر لەوان زیانیان بەمەسەلەکە نەگەیاندووە, بەلکو پشتگیرکردن و بێ دەنگ بوون لەو کارانە کارەساتە و مایەی مال وێرانیە.

* دوای ئەوە دیمکراسیەت و سەربەستی لە دەربڕیندا ئەوەشی لەگەلدایە و هەروا بە شەو دوو ڕۆژێک ئەوە دروست نابێ کە خەلکی فێری ڕەخنەگرتنیش ببن و لە هەمان کاتتدا سنووریش نەبەزێنن. (( مەبەستم ئەوە نیە وەلام نەدەینەوە بەلام وەلام دانەوەش ئوسول و جێگە و وەختی خۆی هەیە .ئەگەر دیموکراسیمان ئەوێ و ڕاست دەکەین کە خەلکی سەربەستن لە ڕادەربڕیندا ئەبێ لە پێناویدا ئەو باجەش بدەین و شان بدەینە بەر ئەرکەکانی دیموکراسیەت.

* ووشەی سوکایەتی پێکردن و بێحورمەتکردن ئەوەندەی مەلاکان و ئیسلامیەکان دەیلێنەوە لەوانەیە وێنە کاریکاتێرەکان , - نازانم بۆ کتێبەکە- خۆی ئەوەندە سوکایەتی تێدا نەبێ, هەر جوان نیە ئەوەندەی ئەیلێنەوە . هەرچۆن دلیان دێ ئەوانیش ئەو ووشانە ئەوەندەی تر لەگەل ئەو ناوەدا ڕیز دەکەنەوە

* ئەم هەموو زولم و ستەمە و بێ کەرامەتیەی جیهانی ئیسلامی گرتۆتەوە تورەمان ناکات بەلام کاریکاتێرێک و کتێبێک ئەوەندە تورەمان ئەکات. هەرچەن تورە بوون و نارەزایی دەربرین لەو شێوە و شێوازە خزمەت بە هیچ مەسەلەیەک ناکەن.

* رۆژنامەیەک یان کتێبێک ((من نالێم سوکایەتی )) ئەلێم (کاریکاتێرێک )لەسەر موحەمەد ئەکا یان ( رەخنەی نارەوا و نا زانستی) لە موحەمەد ئەگرێ, لە هەمان کاتتدا هەزاران ناوەند و زانکۆ و لێکۆلینەوە و کتێب و و کۆرو کۆبوونەوە هەیە لە رۆژئاوا کە دژی ئەو جۆرە هەلسو کەوتەن و بە رێزەوە ناوی موحەمەد ئەبەن . ئەوەشمان لە بیر نەچێ ئەوانەی کە ئەو کارانە دەکەن _ لە بابەتی ئەو کاریکاتێرەو شتی تری لەو شێوە _ لە رۆژئاوادا بە رادیکال لە قەلەم دەدرێن و هەتا ئەم دواییانەش ئەوانە نەیانتوانیەوە جولە و دەنگیان هەبێ بەلام لەم سالانەی دواییدا ئەوانیش سەریان هەلدا. سەیر ئەوەیە لە رۆزهەلاتتدا لە رەهەتی لاوی ئازادی و دیموکراسیدا, مافەکان پێشێل دەکرێن و رادیکالیەت تۆخ دەبێتەوە, بەلام لە رۆزئاوادا لە لە رەهەتی پیری و بەسەرچووندا رادیکالیەت سەرهەل دەدات. (( ئەویش باسێکی ترە لێرەدا بواری ئەوەمان نیە)).

لە کۆتاییدا دەلێم من بەش بە حالی خۆم ئیدانەی ئەو هەموو فەتوا و خوتابانە دەکەم کە لە مزگەوتەکانەوە یان لە هەندێ کەسەوە بە سەربەخۆیی خۆیان دەریدەکەن و باسی کوشتن و سوتان و راودونان دەکەن تەنانەت گرتن و سوتان و قەدەغەکردنی کتێبش بە کارێکی ناشارستانی و نامرۆڤانەی دەزانم . هەرچیش نا مرۆڤانە بێ نا خودابیشە.

لە هەمان کاتتدا ئیدانەیەکی شارستانی ئەو کتێبەی مەریوان هەلەبجەیی دەکەم و حەز دەکەم هۆشیاری بکەمەوە لەوەی کە ئەو کتێبەی ئەو وسەدان کتێب و نوسینی تر لەو شێوەیە یەک زەرە خزمەت بە واقعی نالەباری ئەمرۆی ئافرەت لە سایەی هەر ئایدۆلۆژیایەکدا بێ ناکەن. ئەوەی ئەمرۆ ئافرەت بە گشتی و ئافرەتی کۆمەلگەی ئیسلامی پێویستیەتی چوونەوە بەناو جەنجالی ئەو مێژوو و کەلتوورەدا نیە کە جەنابت کردووتە و ئیسلامیەکانیش بە دیدێکی پێچەوانەوە دەیکەن . ئەوەی پێویستە گۆرینی باری نالەباری ئافرەت و کۆمەلگەیە بە گشتی, گۆرینێکی واقعیانە و زانستیانە. گۆرینێک لە ویژادانێکی پاکەوە هەلقولێ, گۆرینێک بێ دوور بێ لە مەبەستی رقە بەرایەتی ئەم ئایدۆلۆژیا و ئەو گرووپ, گۆرینێک کە هەموو کۆمەلگە لەگەل خۆی بەرەو ئاسۆیەکی رووناکتر بەرێ.
تۆ ژیانی خۆت خستۆتە مەترسیەوە بۆ روونکردنەوە و دەرخستنی راستیەک ( خۆت پێت وایە راستیە) کە تەمومژی مێژوو و چەندەها مەزاجی کەلتووری و پانتایی جوگرافی داپۆشیوە و بە هەزاران تێکست و رووداوی جۆراو جۆری بە تەواو پێچەوانە بەرەنگارت دەبنەوە. بەلگە و نوسینی زانستی و ئەکادیمیانە نابێتە هۆی خەندەق لێدان لە کۆمەلگەدا . بەلکو دەبێتە هۆی مشت و مری نێوان هەمان گروپ و هەمان ئایدۆلۆژیا و نێوان ئایدۆلۆژیا جیاوازەکانیش . بەم شێوە نوسینە ناتوانی گۆران دروست بکەی یان بۆ هەموو لایەک ببیتە هۆی بەخۆداچوونەوە. تۆ تەنها ئەوانە پشتگیریت لێدەکەن کە خۆیان پێش وەخت هەلگری دید و بۆچوونێکن و بە حەقیقەتی راهای دەزانن و دەگەرێن بە دوای بەلگەدا بۆ ئەوەی ئەو بۆچوونەیان زیاتر و زیاتر ساغ بکەنەوە. لەو لاشەوە ئەوانە دەبنە دوژمنت کە پێش وەخت هەلگری دید و بۆچوونێکی پێچەوانەی تۆن و ئەوانیش بە حەقیقەتی دەزانن و بە دوای بەلگە و نموونەی جوان سازیدا دەگەرێن بۆ ئەوەی بۆچوونەکانیان بە هێز بکەن. مەبەستیشم ئەوە نیە هەر هیچ بە مێژوودا نەچینەوە بەلام لە پێداچوونەوەدا دەبێ بە شێوەیەکی هەمانهەنگی و بەسەر هێلە سەرکیەکانی ئەو مێژووەدا برۆیتەوە,

**نەک بە هەموو کون و قوژبن و کونج کەلەبەرێکدا بڕۆیت خۆشت نەزانی لە کوێوە سەر دەردەکەی. چوونەوە بە مێژوودا نە بۆ ئەوەیە بە نەعلەتی بکەی نە بۆ ئەوەشە بە بەژنو بالایدا هەلدەی. پیاچوونەوە بە مێژوودا بۆ ئەوەیە کە خزمەت بە ئەمڕۆ بکات.**
**ئەو ڕووداوانەی جەنابت لەسەر پەیامبەرەکان دەیگێریتەوە بە ڕاستیان دەزانی کورت بڕە لە بوونی ئەو بەلگەیەی ئەویش ئەوەیە ئەگەر ئەم پەیامبەرانە ئەوە ڕەوشت و نەریتیان بوایە پێویستی بەوە نە ئەکرد کە ئەم هەموو مێزووە درێزەیان بەسەردا تێپەڕایە, تا بگاتە ئەمڕۆ و جەنابت پەردەی لەسەر هەلمای, بەلکو هەر لە سەردەمی خۆیاندا یان چەند سەردەمێک دای خۆیان ڕسوا دەکراو پەیامەکانیشیان بەم پانتایی جگرافیایەدا بلاو نەدەبووە وە . یان دەبێ بلێین بە درێزایی ئەو مێزووە هیچ گروپ و دیدگەیەکی چاک سازی ڕەخنە گرانە نەبووە تا پەردە لەسەر ئەم بێ ڕەوشتیە هەلمالێ . یان دەبێ بلێی هەموو ئەو خەلکانەش هەروا بێ ڕەوشت بوون.**

**لە لایەکی ترەوە  لە ڕادیۆکەوە گوێم لێبوو دەتووت  من لەم بۆچوونەکانمدا لەم کتێبەدا پشت بە سەرچاوە ئیسلامیەکان دەبەستم و ئاماژەت دەدا بە ژمارەی لاپەڕەکانیش. باشە مادام ئەو ڕووداوانە بە و شێوەیە بە نوسین لەو کتێبانەدا هاتوون. ئەمە تا ڕادەیەک ئەوە ناگەیەنێ کە  ئەو زانا و  مێژوونوسانە خۆیان ئەوەندە ڕەخنەگر بوون کاری پەسەند و ناپەسەندی ئەو کۆمەلگایەی خۆیان  تەنانەت سەبارەت بە پەیامبەر و سەرکردەکانیشیان ئاوا بە ئاشکرا تۆمار کردووە؟  ئەوان لە من و تۆش دیموکراسی تر بوون ؟. چونکە هیچ کەسێک ئەو ڕووداوانە لە خۆشیدا ناگێڕێتەوە. هەرچەنیش من ناتوانم لەم ئان وساتەدا بلێم بەلێ ئەو ڕووداوانە لەو سەرچاوانەدا هەن؟ یان نین؟ یان بە چ جۆرێکن؟ تۆ بۆ خۆت چۆن لێیان تێگەشتووی؟. یان کۆنتێکستەکە هەمووی چۆنە؟.**

**مرۆڤ کاتێ  ژیانی خۆی دەخاتە مەترسیەوە کە بەرهەمێک پێشکەش بکات بەرز تر بێ لە نرخی ژیان. هەرچەن بەلای منەوە ژیانی هەموو نوسەرێک هەرچیش بنوسێ و بلێ, دەبێ پارێزراو بێ , چونکە ئێمە ئەمڕۆ لە سەردەمێکدا دەژین  کە  ژیانی مرۆڤێک لەسەرو هەموو شتێکی ترەوەیەو هەرچی هەیە و نیە دەبێ لە خزمەتی مرۆڤدا بێ.**